# سەرهەڵدانی کوردانە....

بەختیار مام حەمید..

ئەمرۆ گەل لەسەر پێیە بۆ ئازادی بۆ ژیان.
دەسەڵات، پارە، دیکتاتۆر.
دژە مرۆڤ لە رەش و بۆر.
بە هەزار جۆر.
دەبنە تۆزی بەر پێی خاسان.
ئیرادەی گەل لە هەر شتێک گرنگترە.
بۆ ئازادی بۆ نان و مان.
بۆ ژینشادی!.
لۆ سەربەستی بۆ رزگاری.
سووربوون و باوەری بەرز لە پێشی پێش لە پێشترە!.
چەوساندنەوە،کوشتن،زیندان.
چاوسوورکردنەوەی بێ وچان.
لەم ساتەدا تێکشکاوە،داروخاوە.
هەتا بوەسە هەوێنی نوێبوونەوە و بەرخودان!.
ئیتر لێدان،لە ناوبردن،خواردنی موڵک و ماڵی گەل.
بۆ قڕکردن گەران لە هەل.
دەستەمۆیی و بێدەنگکردن.
وەکی گڕی ئاری نەورۆز هێز دەبەخشێتە سەرهەڵدان.
سەرهەڵدانی چەوساوە،هەژار،لاو،ژن.
گەلی ئێمە لە کوردستانی مەزندا.
لە زەریای خۆڕاگریی بێ بندا.
خەبات دەکات دژی داگیرکەرو دوژمن.
بۆ رزگاری و خۆفەرمانی دەست لە ناو دەست هێز لە خودا.

به چەندان ڕەنگ.
به هەزار بیروڕای جودا.
به بێ وچان،به بێ وەستان.
به داگیرکاران یەژن یا کوردستان،یا کوردستان.
کوردگەل وەرنەوە سەرخۆ گەل و ژان لێک ئالاون.
ئازار مژدەی خۆشی پێیە بۆ دالّکە گیان!.
نەوەیەک لە دایک دەبێت ئازادییە بۆ نیشتیمان.
ئامەد،کەرکوک،کرماشانی چریکە.
گەرمیان،قامیشلۆ،کوبانی.
لاچینی گڕ، ئەی سەراکەی سلێمانی.
هەورامانم،هەولێەکەی خودان مێوو.
لوڕسانی پڕگۆرانی.
ئەسکەندەرونە،حەمرین.
مەهابادی کۆماری شین!.
دە یەک بگرن،دە ڕا پەڕن.
ڕۆژی سەرکەفتن نزیکە.
هەموو بیکەن وە چریکە.
وەلات و خاک بپارێن.
دوژمنیش تیکە تیکە..

**1-نەورۆز-2711...21-3-2011**